# له درێژەی چالاکییەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی له فنلەند

# کۆڕێکی هونەری بۆ هونەرمەندی ڕەسەن فەیزی نژادی سازکرا

سەر له ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٦. ٦. ٢٠٠٢، ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی له فنلەند کۆڕێکی بۆ هونەرمەند ڕەشیدی فەیزنژاد، که له باشووری کوردستاندا زیاتر به فەیزی نژادی ناسراوه، ساز کرد.

ئەم کۆڕه له ناوەندی ڕۆشنبیری نێونەتەوەیی CAISA له شاری هێلسینکی پایەتەختی فنلەند سازکرا.

سەرەتا سالار سۆفی بەڕێوەبەری کۆڕەکه پاش بەخێرهاتنی میوانەکان، کورتەیەکی مێژوویی له ژیانی هونەریی هونەرمەند پێشکەش کرد.

پاشان هونەرمەند فەیزی نژادی دەستی به باسەکەی کرد، که دەربارەی هونەری موزیك و گۆرانیی کوردی بوو.

مێژووی هونەری کوردی یەکێك له تەوەره گرنگەکانی باسەکەی هونەرمەند بوو، هەروەکو تیشکی خستە سەر تایبەتمەندیی هونەری کوردی. لەتەوەرەیەکی تری باسەکەیدا پەنجەی بۆ نالەباری بارودۆخی گۆرانی و موزیکی کوردی له سایەی ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا درێژ کرد. هەروەك ڕای خۆی سەبارەت به شێوازی گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم هونەره لەنێو هونەرمەندانی نەوەی نوێدا دەربڕی.

هونەرمەند فەیزی نژادی تیشکی خستە سەر ڕۆڵی حیزبە ڕامیارییەکان له دابەشبوونی هونەرمەنداندا. هەروەکو له چەندین ڕووی ترەوه باسی له هونەر کرد و باسەکەیدەوڵەمەندتر کرد.

له بەشی پرسیار و وەڵام و بۆچوونەکاندا، ئامادەبووان چالاکانە بەشداریان له کۆڕەکەدا کرد و چەندین پرسیار و تێبینی جۆراوجۆریان خستە ڕوو که گفتوگۆی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێنا و بوونە مایەی دەوڵەمەندتربوونی کۆڕەکه.

له کۆتاییدا بەڕێوەبەری کۆڕ سالار سۆفی داوای پشتیوانی و هاوکاری هونەرمەندی کرد له هونەرمەنده لاوه کوردەکانی فنلەند، بۆ گەشەکردنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی له فنلەند و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تیپێکی هونەریی یەکگرتوو، هونەرمەند فەیزی نژادیش ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر جۆره یارمەتی و هاوکارییەك و سوپاسی (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی) یشی کرد بۆ سازدانی ئەم کۆڕه و ستایشی چالاکییەکانی ناوەندی کرد.

له دووا بەشدا، هونەرمەند فەیزی نژادی چەند پارچەیەك له موزیك و گۆرانی نایابی پێشکەش کرد، که بووه مایەی شادی ئامادبووان و لەگەڵ چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان، کۆتایی بەم کۆڕه هات که پتر له چووار کاژێری خایاند.

شایانی باسه هونەرمەند فەیزی نژادی، له ساڵی١٩٥١ له گوندێکی شاری سەقز له دایکبووه و خاوەنی ٣٠ کاسێتە، که (٢٠) کاسێتیان به تەنها هی خۆیەتی و (١٠) کاسێتەکەی تریش به هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی تر تۆمارکردووه، هەروەها CD یەکیشی له فنلەند تۆمارکردووه.

ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی له فنلەند

nauand@hotmail. com

٢٠. ٦. ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org